# هەڵبژاردنی کارمەندانی پاڕلەمانی ئێران!!

گەر ئازەری، کورد، عەرەب، بەلوچ، تورکمان، گیلەک... لە مەجلسی ئێران، کورسییەکانیان بە چۆڵی بهێڵنەوە، قەیرانی سیاسی کۆماری ئیسلامی دادەگرێ، کە دەتوانێ دەسپێکی قەیرانی قووڵتر و گەورەتر بێت، هەر بۆیە بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردن بۆ حکوومەت گرنگە!

ستوونەکانی سەرەکی پێکهێنەریی کۆماری ئیسلامی، لە سەر دەزگاکانی نیزامی، ئەمنیەتی، مافیای ئابووری، سیستمی فریوکارانە ساخ بۆتەوە، کە ئەوەش هەمان شێوەی دەستەڵاتداریەتی سەرزەمینی پارس دەنوێنێ، کە خودا و شا، وەک دوو دیکتاتۆری هەمیشەیی، بە سەر خەڵکدا زاڵن.
دەغەڵکارانی مافیای ئیسلامی، بوروکرات، تێکنۆکرات، ئاکادمێسێن، تئۆرسیێن، پسپۆڕەکانی بواری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، هونەریی و مێدیایی، لە هەر دەورەیەکی "هەڵبژاردن"دا، ئەم ئیسکلێتە خۆفناکە، ڕەنگ دەکەن و دەیرازێننەوە. ئەو خێڵە لە خاپاندنی خەڵک لە ناو و دەرەوەی ئەو وڵاتە، دەوری سەرەکی دەگێڕن و چەرخی ماشێنی کۆماری ئیسلامی هەڵدەسووڕێنن، بەشێک لەو دەغەلکارانە، کوردن!

ئەو کەسانە لە هەر شوێنێکی ئێران و دەرەوە بن و سەر بە هەر نەتەوە، هێڵی فکریی، ئیدئۆلۆژی، ئایینی و ئێتنیکی بن، سەرکەوتوون، لە خاپاندنی خۆیان و خەڵک! ئۆپۆزسیۆن چ سیاسی و چەکداری، لە پرۆسەی ٣٧ ساڵەدا، جێگایان لە ناو کۆمەڵگا و مەیدانی سیاسی، فەرهەنگی و فکریی، سڕدراوەتەوە و بوونی بێکەڵکیان، بۆتە مایەی مانەوەی حکوومەت و سیستم!

کورد و وڵاتەکەی سیستیماتیک و بە گوێرەی پلان، ڕووتێندراوەتەوە. ژیانی خەڵک بە هەموو شێوەیەک ئەمنیەتی کراوە و وڵاتەکە، بە بێ ڕاگەیاندن، میلیتاریزە کراوە. تاک تاکی خەڵک ژیانی ڕۆژانەیان لە ژێر چاوەدێریدایە. ئەم شێوەیە بۆتە ژیانی ئاسایی خەڵک، بە تایبەت ژیانی ئەوانەی لە ژێر سایەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە دایک بوون، گەورە کراون و لەو سیستمەدا بارهێندراون. سەر جەم کۆمەڵگای کوردستان، بە باری نالەباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئیداریی، لەشساخی،بێکاریی، ئەمنیەتی و بێ مافی خەڵکەکەیدا، دەناسرێتەوە.

حکوومەتی ناوەندی ئێران، بە پێی پلان، خۆی بە سەر خەڵکی کورددا، داسەپاندووە. بە پێی پلان کوردستانی لە هەرچەشنە پێشکەوتنێک بە دوور ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو نیازو داوای خەڵک دابەزێنێت، هەتا کارە گچکەکانی حکوومەت و ئیدارەکانی لە کوردستان، گەورە بنوێنن. ئەو خەڵکەی داوای خودموختاریان هەبوو، ئەمڕۆ بە هەنگاوی کچکەی تەبلیغاتیش، گەشکە دەیانگرێ، بە تایبەت نوخبەکانی ئاکادمیسین. نوخبە و "نوێنەر"انی هەموو دەورەکانی پارلەمانی ئێران و "مدعیان"ی بەشداری لە هەڵبژاردن، نە تەنیا ستراتێژی حکوومەتی ئێران لە کوردستان ناخەنە ژێر پرسیار، بەڵکوو خۆشیان دەبنە بەشێک لە ستراتێژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان!

نوخبەکانی کورد، کارنامەی "نوێنەرانی" کورد لە پارلەمانی ئێران، شۆڕای شار و ستانەکان، ناخەنە بەردەست. "مدعیان"ی هەڵبژاردن لە کوردستان، خۆ لەوەش نادەن باسی کارنامەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان بکەن. ئەوان زانست و بیروهزریان، بۆ ئەوە بەکار دەهێنن، خەڵک بەرەو سەنندوقەکان هان بدەن، بە بێ ئەوەی بە خەڵک بڵێن، بەرنامەی سیاسی، ئابووری، فەهەنگی، کۆمەڵایەتیان چییە و چییان پێدەکرێ و تا ئێستا چییان کردووە!

ئەو خێڵە وەک سەردەمدارانی سیستم ،مەسەلەی سیاسی کورد لە ئێران بە هەموو شێوەیەک دادەبەزینن و پەنا بۆ فۆرمالیسم دەبەن، جا چ جل و بەرگی کوردیان لە بەر بێ، چ لێرە و لەوێ بە کوردی بئاخڤن! ئەوانە ڕاستەوخۆ، خۆیان لە سیاسەت نادەن، مەگەر ئەوەی ڕەگەڵ ئەم لایەن و ئەو لایەنی ناو سیستمەکە کەوتبێتن و بەشێک لەوان بن، کە هەر دەبنە ئەوان و مێژووی حزبەکانی سەرانسەری چەپ و ناسیۆنالیست و ڕاستی ئێرانی، دووبارە دەکەنەوە و مەسەلەی کوردستان و یەزد، دەخەنە تای یەک تەرازوو. ئەوەش ڕێک ئەو سیاسەتەیە کە ئەوان لە جیاتی کۆماری ئیسلامی جێ بەجێ دەکەن. بێگوومان سیستمی کۆماری ئیسلامی، وەک هەموو ڕژیمەکانی مێژووی ئێران، دانووی لە گەڵ سیاسی و نوخبەی کوردی لەو چەشنە، دەکوڵێ.
خێڵێکی گرێدراوی تر کە خۆیان لە گەڵ ئیسکلێتی کۆماری ئیسلامی ڕێک خستووە، ئەو کەسانەن کە خۆ لە مەسەلەکانی دەورووپشتیان دەدزنەوە و لە جەغزی ئینتلێکتوئێلی گلۆبالدا، سەیر و سەیاحەت دەکەن و جەوهەری ئینتلێکتوئێل بوون، کە دەربرینی ئازایانەی بیروهزرە بەرانبەر بە هەموو مەسەلەکان، لە کۆنتێکستی ئینتلێکتوئێلیدا دەسڕنەوە و وەک کارمەندێکی ئیداری ئەم دانشگا و ئەو ئەنستیتو هەڵس و کەوت دەکەن.

گەر کورد بۆ یەک دەورەش پاش ساڵانی ١٩٨١ ، خۆی لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن دوور خستبایەوە و یەک کەسی لە پارلەمانی ئێران نەبایە، پرسی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە دەبوو بە پرسی سیاسی. گەر نەتەوەکانی تریش دەورەیی یان بەیەکەوە، سیاسەتێکی وایان ڕەچاو کردبایە، سیاسەت مانای خۆی پەیدا دەکرد.  بەڵام بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی خەڵکی هەموو ناوچەکان، دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی و سەرجەم سیستمەکە بەخشیوە، کە ماوەی ٣٧ ساڵە دەیانچەوسێنێتەوە، داهاتی وڵاتەکەیان هەڕاج دەکات، زیندان و گۆڕستانەکانیان ئاوەدان دەکاتەوە، شیرازەی بنەماڵەکانیان لە بەر یەک هەڵدەوەشێنێتەوە و زیاتر لە ٧ ملیۆن کەسیانی، ئاوارەی وڵاتان کردوە. دیاردەی خەڵک و کۆماری ئیسلامی، کە لە گەڵ یەک تەبا و ناتەبان، وێنەیەکە لە مێژووی خەڵکانی ئەو سەرزەمینە و حکوومەتەکان!

ئەم دیاردەیە، پرسیاری سەرەکییە، کە بۆچی خەڵک دیکتاتۆڕەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن؟ بۆچی نوخبەکان دەبنە کرێکاری دیکتاتۆڕەکان؟ بۆچی دیکتاتۆڕیی ئیلاهی و زەمینی لە ئێران نابڕدرێتەوە؟ ئەوە دیاردەیەکی گەلێک کۆنی سەرزەمینی ئێرانە، کە هەموو لایەک خۆیان لە گەڵی ڕاهێناوە و بۆتە زەمینەی فەرهەنگ و بیرکردنەوە و فۆرمی ژیانیان. دەرچوونی کورد لەو جەغزە، پرۆسەیەکە کە دەبێ لە مێشکی هەر تاکێکی کورددا، سەر بگرێ، دەرخستنی خەڵک لەو جەغزە دەبوو مەبەستی نوخبەی کورد بێ، کەچی پێچەوانەکەی بۆتە مەبەست!

بەشداری کردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ئێران، بۆ ناسیاسی هێشتنەوەی مەسەلەی کوردە. بوونی کۆمەڵێک کورد وەک کارمەند لە پاڕلەمانی ئێران، ڕواڵەتی سیاسی بە مەسەلەی کورد نابەخشێ، چ تئۆری بۆ داتاشرێ، چ لە بیانووی ملی-ئیسلامی و مافی هاووڵاتی بوون، کەڵک وەرگیرێ.
لە سیستمێکی توتالیتری ئیسلامی، هاووڵاتییەکی بێ مافی چەوسێندراو، دەنگ بە درێژکردنەوەی بێ مافی خۆی دەدا.
ئەو نوخبەیەی ئەوەی بۆ میللەتەکەی خۆی بوێ، دەبێ چ بێت؟!

برایم فەڕشی
بەفرەنباری ٢٠١٦